

# بۆن فرۆش ...

هۆنراوەی شالاو

گوڵم لەگەل شنەبایەک
لە نیوە شەو
تالێک قژت گەیشتەلام
پڕ بوو لە بـــــــــۆ
منیش کردم بە جۆلانە بۆ دڵی خۆم
بۆ سەر خەوێ
بە یادی تـــــــۆ
کە بێدار بووم بە ناچاری
نەک تەنها خۆم
بەلکـــــــــو هەموو ژوورەکەشم
بۆنی عەتری لێ دەباری
لەوساوە من
نازانم شەو
تاکو دونیا خامۆش دەبێ
شیعر بۆ چاوت بنووسم
چونکە ئێتر سەرم سووڕماوە لە خۆشم
یان دانیشم
تا بەیانی
شووشە شووشە
بۆنی زوڵفی تــــــــۆ بفرۆشــم ...